هەرێمی کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی

زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر

کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری

بەشی ئامار


# کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان


توێژەران:

سارە ستار عثمان        نسار فاضل محمد        سروشت بکر محمد

سەرپەرشتیار:

پ. ی. د. أمید صابر عبدالله شوانی



نیسان – 2023        نەورۆز-2723        رمضان - 1444

ئایەتی قورئانی پیرۆز

بسم الله الرحمن الرحيم

هُوَ الَّذِى أَيَّدَكَ بِنَصْرِهِ وَبِالْمُؤْمِنِيْنَ* وَالَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ انْفَقْتَ مَا فِى الأَرضِ

جَمِيْعاً* مَا الَّفتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّه عَزِيزٌ حَكِيْمٌ

صدق الله العظيم

(الانفال/ 62- 63)

## پێشکەشە

- بە خێزانە خۆشەویستەکانمان،

بەبێ پاڵپشتی و هاندانی بێوچانی ئێوە، نەماندەتوانی ئەم گەشتە تەواو بکەین. سەبر و تێگەیشتن و باوەڕتان بە ئێمە هێزی بزوێنەری سەرکەوتنمان بووە.

- بۆ دایک و باوکمان، سوپاس بۆ ئێوە کە خۆشەویستی فێربوونتان لە ئێمەدا چاندووە و هەمیشە پاڵمان پێدەنێن تا باشترین بین.
- ئەم دەستکەوتە ئەوەندەی هی ئێمەیە، ئەوەندەش هی ئێوەیە. بە دڵ و سوپاسەوە ئەمەتان پێشکەش دەکەین.

لە گەڵ ڕێزمدا

سارا، نسار، سروشت

## سوپاس و پێزانین


- هەردەم و یەکەم کەس سوپاس بۆ خوای گەورە، هێز و توانای پێبەخشین بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس و ڕێزی بێ کۆتایی بۆ بەڕێز **(پ. ی. د. امید صابر عبدالله شوانی)** کە بە دڵێکی فراوان وکۆمەڵێک زانیاری بەسود ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ و بە هەموو شێوەیەک هاوکارمان بووە و لەگەڵمان ماندوو بووە.
- زۆر سوپاسی هەموو مامۆستا بە ڕێزەکانی بەشی ئامار دەکەین لە ماوەی چوار ساڵی خوێندن پێمانەوە ماندوو بوون ئەرکیان کێشا.
- سوپاسی بێ پایان بۆ دایک و باوکی ئازیزمان کە هەردەم هاوکار و پشتیوانمانن.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارییان کردوین.

سارا، نسار، سروشت

**پوختەی توێژینەوە**

**(کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان )**

1- کاریگەری ئەرێنی:

سۆشیال میدیا وایکردووە خەڵک ئاسانتر پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەی بکەن کە دوورن یان ماوەیەکی زۆرە نەیانبینیوە.

ڕێگەی نوێی بۆ مرۆڤەکان دروستکردووە بۆ یەکترناسین و پێکهێنانی پەیوەندی، لەوانەش لە ڕێگەی ئەپەکانی پەیوەندیکردن و کۆمەڵگە ئۆنلاینەکانەوە.

سۆشیال میدیا ڕێگە بە خەڵک دەدات ئاگاداری ژیانی ئازیزەکانیان بن و ساتەوەختە گرنگەکان لەگەڵ یەکتردا باس بکەن، تەنانەت ئەگەر نەتوانن بە شێوەیەکی شەخسی لەوێ بن.

دەرفەتی بۆ خەڵک ڕەخساندووە کە تۆڕ بکەن و پەیوەندی پیشەیی دروست بکەن.

2- کاریگەری نەرێنی:

سۆشیال میدیا دەتوانێت هەستی گۆشەگیری و تەنیایی دروست بکات، چونکە ڕەنگە مرۆڤەکان کاتێکی زیاتر بەسەر بەرن بۆ کارلێککردن لەگەڵ شاشەکانیان نەک لەگەڵ کەسانی ڕاستەقینە.

دەتوانێت بەشداربێت لە بڵاوبوونەوەی زانیاری ناڕاست و ناوەڕۆکی زیانبەخش، ئەمەش دەتوانێت پەیوەندییەکان گرژ بکات و ببێتە هۆی لێکتێگەیشتن.

هەروەها سۆشیال میدیا دەتوانێت ببێتە زەمینەیەکی زاوزێکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی، چونکە ڕەنگە خەڵک هەست بە بوێری بکەن بۆ ئەوەی شتگەلێک بە شێوەی ئۆنلاین بڵێن کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەیاندەگوت.

دەتوانێت کلتوری بەراوردکردن دروست بکات، کە مرۆڤەکان هەست بە فشار دەکەن بۆ ئەوەی وێنەیەکی دیاریکراو لە خۆیان لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە پێشکەش بکەن و لەوانەیە هەست بە نائەمنی یان ناتەواوی بکەن لەکاتی بەراوردکردنی خۆیان بە کەسانی دیکە.

بە گشتی سۆشیال میدیا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە، چ ئەرێنی و چ نەرێنی. گرنگە تاکەکان ئاگاداری ئەم کاریگەرییانە بن و سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و زەینی بەکاربهێنن.

لەم توێژینەویە دا 265 کەیسمان وەرگرتووە لە چینە جیاوازەکان 165 یان بە فۆرمی ڕاپرسی ئەوانی تر بە گوگڵ فۆرم وە بە بەرنامەی SPSS-V26 شیکردنەوەی داتاکانمان کردووە لەوانە 111 کوڕ و 154 کچ وە تێکڕای تەمەنەکان 24.14 ± 7.54 ساڵ بوون 189 یان لە ناو شار 20 لە قەزاکان و 41 نایحەکان و 15 لە گوند 207 یان سەڵت بوون ئەوانی تر خێزاندار کە دەکاتە 58 کەس وە ڕۆژانە کاتەکانی چەند بەسەر دەبەن لە گەڵ سۆشیال میدیا 5.25±3.59 کاتژمێر. گرینگترین لایەنە باش و خراپەکانی سۆشیال میدیا ڕوونکراوەتەوە لە بەشی دووەم.

# پێرستی ناوەڕۆک


ئایەتی قورئانی پیرۆز ........ I
پێشکەشە ........ II
سوپاس و پێزانین........ III
پوختەی توێژینەوە ........ IV
پێرستی ناوەڕۆک ........ V
لیستی خشتەکان........ VI
لیستی وێنەکان (گرافەکان)........ VI
لیستی پاشکۆکان ........ VI
پێشەکی........ VII
بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری ........ 1
تەوەرەی یەکەم: سۆشیال میدیا و جۆر و پۆلینەکانی سۆشیال میدیا ........ 1
پێناسە ی سۆشیال میدیا ........ 1
سۆشیاڵ میدیا چییە؟ ........ 2
زیانەکانی سۆشیاڵ میدیا ........ 4
جۆر و پۆلینەکانی سۆشیال میدیا ........ 5
تەوەرەی دووەم : لایەنی پێوری ئاماری توێژینەوەکە ........ 7
بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی........ 10
تەوەرەی یەکەم: پێناسەی گشتی داتای کۆکراوە لە فۆڕمی ڕاپرسی ........ 10
تەوەرەی دووەم: شیکردنەوەی داتا ........ 14
بەشی سێ یەم: دەرئەنجام وپێشنیارەکان ........ 19
تەوەرەی یەکەم: دەرئەنجامەکان ........ 19
تەوەرەی دووەم: پێشنیارەکان........ 21
سەرچاوەکان ........ 22
پاشکۆ ........ 23

## لیستی خشتەکان

خشتەی ژمارە (1) پێناسەی گشتی داتای کۆکراوە لە فۆڕمی ڕاپرسی ........................................ 10
خشتەی ژمارە (2) کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر بەکاردەهێنێت ............................................... 13
خشتەی ژمارە (3) دابەشبوونی تاکەکانی نمونەی لێکۆڵینەوە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەگەز ..... 13
خشتەی ژمارە (4) ئاستی خوێندنی بەکارهێنەران ................................................................ 13
خشتەی ژمارە (5) پۆلێن کردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بەپێ ی ناوەندی هەڵسەنگکراو ................. 14
خشتەی ژمارە (6) ڕیزبەندی لایەنە نەرێنیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە ......................... 15
خشتەی ژمارە (7) ڕیزبەندی لایەنە ئەرێنیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە ......................... 15

## لیستی وێنەکان (گرافەکان)

وێنەی (1) فلۆچارتی شیکردنەوەی ئاماری بە پێ ی جۆری گۆڕاوەکەو نۆرماڵتی داتاکە ..................... 7
وێنەی (2) پای چارت بۆ ڕەگەز بە پێ ی شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاستی خوێندەواری..................... 11
وێنەی (3) پای چارت بۆ ڕەگەز بە پێ ی شێوە کۆکردنەوەی داتاکان و ئاستی خوێندەواری............... 11
وێنەی (4) هیستۆگرام بۆ تەمەن بە پێ ی ڕەگەز و شێوە کۆکردنەوەی داتاکان................................ 12

## لیستی پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (1) پرسیارنامەی توێژینەوەکە................................................................... 23

# پێشەکی

سۆشیال میدیا ئەم فاکتە گشتییەیە کە لە ئاکامی هاتنە کایەی جیهانێکی بەرفراوانی بەیەکەوە گرێدراوی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییە، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی سیستەمی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و زیدەتربوونی خواست و ویستی تاکەکان بۆ ڕزگاربوون لە چەقبەستوویی میدیای فەرمی و ئاڕاستەکار هاتە ئاراوە. پاش ئەوەی میدیای کلاسیک، تاکەکانی بەرەو بێزاری و ونبوونی دید و شوناسی تاکەکەسی و توانەوەی بۆچوونی تاک، لە ڕوانینی دەستەجەمعی جلەوکراو و بەلاڕێدابردنی مەعریفەی زاتی، لەهەمبەر لەدەستدانی شوناسی ڕاستەقینەی میدیا برد. بۆ ئەوەی تاکەکان لە فەزاییەکی فروان و ڕەها دا، ئاسنتر و ئازادانە بڕوانن و ڕاستەوخۆ و بێ بوونی هیچ فلتەرێک و بەربەستێک ئاوێتەی جیهانی زانیارییەکان و گەیشتن بە دەرەوەی خۆیان بن، پەنا بۆ سۆشیال میدیا دەبەن، ئەمەش کاردانەوەی میدیای تاکەکەسی دروست دەکات.

# بەشی یەکەم

## لایەنی تێوری

**بەشی یەکەم: لایەنی تیۆری**

**تەوەرەی یەکەم: سۆشیال میدیا و جۆر و پۆلینەکانی سۆشیال میدیا**

سۆشیال میدیا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەمان، هەروەها گۆڕانکارییەکی گەورەی لە شێوازی پەیوەندیکردن و کارلێککردنمان لەگەڵ کەسانی دیکەدا کردووە. لە کاتێکدا سۆشیال میدیا سوودی زۆری هەیە، وەک زیادبوونی پەیوەندی، باشترکردنی پەیوەندی و توانای هاوبەشکردنی زانیاری بە خێرایی، بەڵام هەندێک دەرئەنجامی نەرێنی هەیە کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت.

ئەم بابەتە قووڵ دەبێتەوە لەو ڕێگا جۆراوجۆرانەی کە سۆشیال میدیا دەتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. باس لەوە دەکرێت کە چۆن سۆشیال میدیا توانای زیادکردنی پشتیوانی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی سەکۆیەک بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە دابڕانی کۆمەڵایەتی. هەروەها لەم بابەتەدا کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە ئینتیمیەکان دەکۆڵێتەوە، لەوانە چۆن دەتوانێت کاریگەری لەسەر پەیوەندییە سۆزدارییەکان هەبێت، هەروەها پەیوەندییەکانی دایک و باوک و منداڵ.

بە گشتی ئەم بابەتە تێڕوانینێکی گشتگیر لە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ڕوو. بە لێکۆڵینەوە لە هەردوو سوود و کەموکوڕییەکان، خوێنەران تێگەیشتنێکی باشتر بەدەست دەهێنن کە چۆن سۆشیال میدیا کاریگەری لەسەر ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان هەیە.

**پێناسە ی سۆشیال میدیا**

**سۆشیال میدیا:-** لە ڕووی زاراوەیەوە لە (Social Media) هاتووە، واتا میدیای کۆمەڵاییەتی، یان میدیای خەڵک. کە ڕاستەخۆ، بەکاربەر یان فان دەتوانی مامەڵە لەگەڵ هەر پێشهات و پێوستییەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە لە چوارچێوەی سیستەم و یاسا و ڕێنمایەکانی هەر ئەپێک دا بکات، کە تێدا وەک هەر تاکێکی دیکەی بەکار بەر مافی خاوەندارییەتی بەکارهێن بە یەکسانی و ئاسانترین شێوە وەردەگرێت. (دەنگەکان, 2023)

گەر بمانەوێت بە وردی لەسەرئەوە بووەستین ئایە بەدیاری کراوی سۆشیال میدیا وەک پێوستییەکی حەتمی هاتۆتە بەرهەم و خۆی خزاندۆتە نێو فەرهەنگی ژیان، یان لەئەنجامی گەشەسەندن و پێشخستن و داهێنانی زانستی بووە، بە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسێکی تر کە سۆشیال میدیا جیهانێکی گریمانەییە یان بەرنامە بۆ داڕێژراوە. دەرکەوتنی سۆشیال میدیا بەرهەمی میدیا خۆیەتی یا ئەوەتە پاشەکشەی میدیای باوە! بۆ هاتنەکایەی سۆشیال میدیا حەقیقەتێک هەیە، ئەمیش لەگەڵ هەر جۆرە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیای ئامێری زیرەک، میدیا و ڕوانینەکانی گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت، جۆری بەکاربردن و مامەڵەی خەڵکیش لەگەڵ میدیا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، شتێك هەیە لەبواری میدیادا، کە هەمیشە قسەی لەسەر دەکەین، ئەویش حەتمەیەتی تەکنەلۆژییە، زۆرجار تەکنەلۆژیا کە سەرهەڵدەدات بەتایبەت لە بواری میدیا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریش دەهێنێتە ئاراوە، ئەویش ڕەنگدانەوەی بووە لەسەر ژیانی ئێمە لەسێ بواری سەرەکیدا، ئەوەی سۆشیال میدیا ئێستا هێناویەتە ئاراوە دەتوانین لەسێ ڕوانگەوە تەماشای بکەین، یەکێکیان ئەوەیە دەتوانین بڵێین دنیایەکی گریمانەییە، یەکەمیان بەجەمسەربوونی تاکە، ئەم سۆشیال کۆمەینیکەیشنە تاك دەکات بەجەمسەر بەو مانایەی مامەڵەی لەگەڵ تاك دایە، ڕاستە

مامەڵەیەکی راستەوخۆی لەگەڵ تاکدا کردووە، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەیت، ئەگەر مامەڵەی خەڵك مامەڵەیەکی دەستە جەمعی بێت لەتەماشاکردندا یان رادیۆ بەهەمان شێوە گوێگرتنێکی دەستەجەمعی بێت، ئەگەر دەستاودەستکردنی رۆژنامەیەکیش مامەڵەیەکی دەستەجەمعی بێت، بەڵام مامەڵەی ئێمە لەگەڵ سۆشیال میدیا مامەڵەیەکی تاکە، واتە تاك دەبێت بەجەمسەر.

دۆخێکی تر کە دروستی دەکات کە کۆمەڵێك شتی تر لەتاك دەسەنێتەوە، گرنگترین شت سەندنەوەی تایبەتمەندی تاکە، ئەم تەکنەلۆژیایە بەتایبەتی لەسەردەمی سۆشیال میدیادا، تاك بەخۆی نازانێت تادێت تایبەتمەندی خۆی لەدەست دەدات، حاڵەتێکی تریش نامۆبوونی تاکە، چونکە ئەو لەدۆخێکدا دەژی کە گریمانەییە، دۆخێکی واقیعی نییەو مامەڵەکردنەکەش گریمانەییە، پەیوەندییەکان گریمانەییە، تادێت ئەو دۆخە گریمانەییە زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات، بەواتایەکی دی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، ئەو پەیوەندیە خێرایەیە کە بەکەمترین کات و کورترین ڕێگە، بە شکاندنی سەرجەم سنوورەکان خەڵکەوە دەمانبەستێتەوە. لە کاتێکا ئەمڕۆی سەردەمی خێراییە و بۆ بەڕێکردنی ژیانی ئاسایی تاکەکان، کاتی ئەوەمان نییە تەنانەت پەیوەندییە ئاساییەکانمان لە دەرەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببەستین ، بۆیە هانا و پەنامان بۆ ئەم شێوازە لە پەیوەندیکردنە دەبەین و بە زۆر شێوازی جۆراوجۆر بەکاری دێنین. کەسەکان بەبێ بوونی هیچ سنورێک لە تەواوی دونیا پێکەوە دەبەستێتەوە و دەکرێت بە رەهایی و بێ سنوریش کاری لەگەڵدابکەیت ، گەر بەکۆمەڵی و پێکەوە بوونبێت یان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزانی بێت، یان چالاکی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابووری و ئایانی و هەربوارێکی دیکە بێت، لە هەموو کاتەکاندا بەکارهێنەری ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەین . لە یەکتر ناسین و گۆڕینەوەی بیروڕا و وەرگرتنی زانیاری خۆیی دەبینێتەوە.

**سۆشیاڵ میدیا چییە؟**

سۆشیاڵ میدیا بەهەر ئامێرێکی دیجتاڵی دەوترێت کەبەکارهێنەر بتوانێت خۆی تێدا تۆمار بکات و بتوانێت زانیارییەکانی هەماهەنگ بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دیاری کردوون یاخود سەردانی پرۆفایلی کەسی دیاریکراو بکەن بۆ وێنە پەیج ئەکاونتی سەربەخۆ شێوەی پەیوەندی ئەلکترۆنی سۆشیاڵ میدیا وێبسایتەکان،بەرنامەی مایکرۆبڵگرەکان کە دەتوانن پەیوەندی تەلەفۆنی هاوبەشکردنی زانیاری ،نامەی کەسی ،ناردنی ڤیدیۆ،پەیامی دانگی.

گەر بمانەوێت بە وردی لەسەرئەوە بووەستین ئایە بەدیاری کراوی سۆشیال میدیا وەک پێوستییەکی حەتمی هاتۆتە بەرهەم و خۆی خزاندۆتە نێو فەرهەنگی ژیان، یان لەئەنجامی گەشەسەندن و پێشخستن و داهێنانی زانستی بووە، بە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ. لەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسێکی تر کە سۆشیال میدیا جیهانێکی گریمانەییە یان بەرنامە بۆ داڕێژراوە. دەرکەوتنی سۆشیال میدیا بەرهەمی میدیا خۆیەتی یا ئەوەتە پاشەکشەی میدیای باوە! بۆ هاتنەکایەی سۆشیال میدیا حەقیقەتێک هەیە، ئەمیش لەگەڵ هەر جۆرە پێشکەوتنێکی تەکنەلۆژیای ئامێری زیرەک، میدیا و ڕوانینەکانی گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێت، جۆری بەکاربردن و مامەڵەی خەڵکیش لەگەڵ میدیا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، شتێك هەیە لەبواری میدیادا، کە هەمیشە قسەی لەسەر دەکەین، ئەویش حەتمیەتی تەکنەلۆژییە، زۆرجار تەکنەلۆژیا کە سەرهەڵدەدات بەتایبەت لە بواری میدیا لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گۆڕانکاریش دەهێنێتە ئاراوە، ئەویش رەنگدانەوەی بووە لەسەر ژیانی ئێمە لەسێ بواری سەرەکیدا، ئەوەی سۆشیال میدیا ئێستا هێناویەتە ئاراوە دەتوانین لەسێ روانگەوە تەماشای بکەین، یەکێکیان ئەوەیە دەتوانین بڵێین دنیایەکی گریمانەییە، یەکەمیان بەجەمسەربوونی تاکە، ئەم سۆشیال کۆمەینیکەیشنە تاك دەکات بەجەمسەر بەو مانایەی مامەڵەی لەگەڵ تاك دایە، راستە

مامەڵەیەکی راستەوخۆی لەگەڵ تاکدا کردووە، بەڵام ئەگەر دیقەت بدەیت، ئەگەر مامەڵەی خەڵك

مامەڵەیەکی دەستە جەمعی بێت لەتەماشاکردندا یان رادیۆ بەهەمان شێوە گوێگرتنێکی دەستەجەمعی بێت، ئەگەر دەستاودەستکردنی رۆژنامەیەکیش مامەڵەیەکی دەستەجەمعی بێت، بەڵام مامەڵەی ئێمە لەگەڵ سۆشیال میدیا مامەڵەیەکی تاکە، واتە تاك دەبێت بەجەمسەر.

دۆخێکی تر کە دروستی دەکات کە کۆمەڵێك شتی تر لەتاك دەسەنێتەوە، گرنگترین شت سەندنەوەی تایبەتمەندی تاکە، ئەم تەکنەلۆژیایە بەتایبەتی لەسەردەمی سۆشیال میدیادا، تاك بەخۆی نازانێت تادێت تایبەتمەندی خۆی لەدەست دەدات، حاڵەتێکی تریش نامۆبوونی تاکە، چونکە ئەو لەدۆخێکدا دەژی کە گریمانەییە، دۆخێکی واقیعی نییەو مامەڵەکردنەکەش گریمانەییە، پەیوەندییەکان گریمانەییە، تادێت ئەو دۆخە گریمانەییە زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات.

سۆشیاڵ میدیا بە یەکێک لە گرنگترین تەکنەلۆژیاکان دادەنرێت کە بەکار دەهێنرێت بۆ بەشداریکردنی بیرۆکە و زانیارییەکان لەسەر کۆمەڵگە گریمانەییەکانی نێو تۆڕی ئینتەرنێت، بە جۆرێک بەردەستبوونی ئەو ناوەڕۆکانە ئاسان دەکات کە زانیاریی تایبەتی و ڤیدیۆ و وێنەیان تێدایە، هەروەها نامە ناردنی نێوان تاکەکان ئاسان دەکات، بە تایبەتی کە سۆشیال میدیا زۆر باڵاو بووەتەوە.

**1-** بەئاسنترین و کورترین ڕێگە دەگەیتە زۆرترین هەواڵ و زانیاری و داخوازییەکانت.

**2-** فیربوونی زمان و ئاشنابوون بە کلتور و دابونەریتە جیاوازەکان.

**3-** دەستگەیشتن بە ئاسانترین شێوە بە سەر هەڵی کار و خوێندن و گەشتکردن.

**4-** بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ لۆبی کردن و یەکدەنگی هێنانەدی داخوازییە جەماوەرییەکان.

**5-** ئاسانکاری بۆ درووستکردن و ئاگاداربوون لە دەستە و کۆمەڵەی مەدەنی ڕێکخراوەیی و پیشەیی و گرووپی فشار.

**6-** گرنگی سۆشیاڵ میدیا بۆ بە بازاڕکردن زۆرترین کڕیاری نوێ دەهێنێت بۆ ئەو کارە بازرگانیانەی لەسەر بازاڕگەری وەستاون بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و، خزمەتگوزارییەکانیان و بەردەوام بوون لەگەڵ کڕیارەکانیان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە.

سۆشیاڵ میدیا بە یەکێک لە گرنگترین تەکنەلۆژیاکان دادەنرێت کە بەکار دەهێنرێت بۆ بەشداریکردنی بیرۆکە و زانیارییەکان لەسەر کۆمەڵگە گریمانەییەکانی نێو تۆڕی ئینتەرنێت، بە جۆرێک بەردەستبوونی ئەو ناوەڕۆکانە ئاسان دەکات کە زانیاریی تایبەتی و ڤیدیۆ و وێنەیان تێدایە، هەروەها نامە ناردنی نێوان تاکەکان ئاسان دەکات، بە تایبەتی کە سۆشیال میدیا زۆر باڵاو بووەتەوە.

- بەئاسنترین و کورترین ڕێگە دەگەیتە زۆرترین هەواڵ و زانیاری و داخوازییەکانت.
- فیربوونی زمان و ئاشنابوون بە کلتور و دابونەریتە جیاوازەکان.
- دەستگەیشتن بە ئاسانترین شێوە بە سەر هەڵی کار و خوێندن وگەشتکردن.
- بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ لۆبی کردن و یەکدەنگی هێنانەدی داخوازییە جەماوەرییەکان.
- ئاسانکاری بۆ درووستکردن و ئاگاداربوون لە دەستە و کۆمەڵەی مەدەنی ڕێکخراوەیی و پیشەیی و گرووپی فشار.

- گرنگی سۆشیاڵ میدیا بۆ بە بازارکردن زۆرترین کڕیاری نوێ دەهێنێت بۆ ئەو کارە بازرگانیانەی لەسەر بازارگەری وەستاون بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم وخزمەتگوزارییەکانیان و بەردەوام بوون لەگەڵ کڕیارەکانیان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە.

**زیانەکانی سۆشیاڵ میدیا**

**1- تێکشکاندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان:-** بۆ کۆمەڵگەیەکی فرە کلتور و فرە بیرورا و ئاینی ئەمە واتە کوشتنی رۆحی دۆستایەتی و خۆشەویستی و هاورێیەتی وە بێ ئاگاییمان لە دەوروبەر، لە قسەکردن و بیروڕا گۆڕینەوە، لە بەئاگاییمان لە ساتەوەختی ڕووداوی خۆشی و ناخۆشیەکان، کوشتنی لەزەت و جوانی، هەست نەکردن بە چێژی قسەکردن و دانیشتن لەگەڵ خێزان کاتێک ئەوان بەها و جوانی و ئاسوودەیی دەبەخشن بە رۆحمان. سۆشیاڵ میدیا توانیوێتی کارێک بکات دەنگ و شێوەی ئازیزانمان بیربچێتەوە، هەموو کەسێک لە فۆرمی ئیمۆجی و دڵسۆزیان لە شەیر و لایک و کۆمێنت دا دەبینین.

**2- دواخستنی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی خوێندن:-** هەموو ئەو مندال و مێرد منداڵانەی مۆبایل و ئینتەرنێت بەکاردێنن درەنگتر پەیوەندیان بۆ دروست دەبێت لەگەڵ کاغەز و کتێب و نووسین دا چونکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوان لە پرۆسەی نوسین بە قەڵەم دابڕاون تەنها وابەستەی وێنەی رەنگا و رەنگ و تۆنی دەنگن لە ڕێگەی مۆبایل و ئایپاد و لاپتۆپەوە، یاریە ئەلیکترۆنییەکانیشن بەشێکن لە پرۆسەی شکست پێهێنانی خوێندن کە ئەمە کاریگەری نەرێنی دروست دەکات چونکە ئالودەبوون بە یاریە ئەلیکترۆنییەکان بە پێی چەندین توێژینەوەی زانستی (منداڵ و گەورەکان) بێ جیاوازی تووشی خەمۆکییان دەکات وە جگەلەمەش، زیانە جەستەییەکانی وەک (قەڵەوی و فەقەراتی مل و پشت ونەخۆشیەکانی چاو هتد) تووشی بەکارهێنەرەکان دەبێت.

**3- دروست کردنی مۆدێل و فاشیۆن، مۆدێل و ئەکتەری ریکلام و چەندین کارەکتەری نامۆ بە کۆمەڵگە:-** لەڕاستی دا دەکرێت ئەمانە گرفت نەبن یان شتێکی ئاسایی و رۆتینی ژیان بێت، بەڵام کەی و لە کوێ و چۆن؟ بۆ دنیای دەرەوە کە ئەخلاقی بەکارهێنان و یاسا و سیستەم جێبەجێ دەکرێت. واتە کاتێک ماشێنەکە دەگاتە دەست بەکارهێن ئەخلاق و پرەنسیپی بەکارهێنانیشی لەگەڵ دایە و یاساش چاودێری دەکات و وە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و چاوکراوەیە نەک چاولێکەر، بەڵام هەموو ئەمانە بۆ کۆمەڵگەی کوردی جۆرێکن لە پاکێجی مۆدێل بەبێ تێپەرین بە خاڵی سەرەتا چونکە نە هێندە هۆشیارین وە نە یاساش سێبەر و چاودێرمانە، وە ئەم جۆرە دروستکردنە نەوەیەک بەرهەم دێنی کۆنترۆل نەکراو هەموو بڕیارەکانی وا بەستەی غەریزەکانییەتی و عەقڵ و لۆجیک هیچ بەهایەکیان نییە.

هة نديكى تر لە زيانە كانى شۆشيال ميديا بريتيە لە:-

1. کەمبوونەوەی هەستی سۆزداری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
2. مۆڵەت بەخەڵک دەدات لە ڕێگای کۆمێنتەوە ووتەی ئازار بەخشت پێی بڵێن زۆرجار نەکەسەکە دەناسی نەدەزانی کێیە بەڵام کەسەکان ووتەی ناشیاوت پێ دەڵێن.
3. توانای تێگەیشتن وبیرکردنەوە کەم دەکاتەوە بە گەورەترین هۆکار دادەنرێت بۆ بەفیرۆدانی کات.
4. دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خێزان(نزیک بوونەوە لەخێزان کەم دەکاتەوە.

لە کۆمەلگەی کوردەواریدا خراپ بەکارهێنان و ئالوودە بوون بە سۆشیاڵ میدیا بە تایبەتی فەیس بووک، بووە بە دیاردە نەک تەنها بۆ سوود وەرگرتن و بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری بە سوود بەڵکو وەکو چەکێک بۆ لێدان و شکاندن و سووکایەتی کردن و کات بەسەربردنە، بەکارهێنەرانی رۆژانە کاتێکی

زۆریان تەرخان کردووە بۆ بەدواداچوونی تۆرە کۆمەلایەتیەکان و بایەخدان بە سایتە بێ کەلک زیان بەخشەکان، هاوکات پشت گوێ خستنی پەیج و ئەکاونتە سوودمەندەکان کە بە جۆرێک دەرئەنجامی خراپی بە دواوە بووە، وەکو :

- لاواز بوونی پەیوەندی خێزانی و سۆزی مرۆڤایەتی.
- ماندوو بوونی مێشک.
- نائارامی و تووڕە بوون.
- دروست کردنی فشاری دەروونی.
- ترس و دڵەڕاوکێ.
- بێ هیوابوون و بێ ئومیدی.
- دروستکردنی کێشەی کۆمەلایەتی.
- کەمی کارکردن و بەرهەم هێنان.

**جۆر و پۆلینەکانی سۆشیال میدیا**

لەسادەترین پێناسەدا، سۆشیال میدیا ئەو جۆرە لە میدیایە کە چیتر خودی خۆی بە تەنها قسە ناکات، جیاواز لە میدیا باوەکان وەک رادیۆ و تەلەڤزیۆن و میدیای چاپکراو رێگە بە خەڵک دەدات ببن بە شێک لە بەهای ناوەڕۆکی ئەو زانیاریەی، کە سۆشیال میدیا بڵاویدەکاتەوە. لە سۆشیاڵ میدیادا هەم دەزگا فەرمییەکان و هەم خەڵکیش دەتوانن ئازادتر بدوێن و بە ستایلی جیاواز بنووسن و بڵاوبکەنەوە.

چەند جۆرێک لە سۆشیاڵ میدیامان هەیە. وەکو وترا ئەو میدیایە جیاوازی گەورەی بەشداریکردن و پەیوەندیکردنە کە دەکرێت جۆری تێکەڵبوونی لەگەڵ خەڵکیدا بەم جۆرە پۆلێن بکرێت:

**سۆشیال بوکمارکین :-** ئەم جۆرە لە سۆشیال میدیا ڕێگە بە بەشداربووەکانی دەدات ئەو ماڵپەرانەی کە دەیانەوێت نیشان (تاگ) بکات لەسەر بنەمای نیشانەکردنی بەشداربووەکانی تر.

**سۆشیال نیوز:-** ئەم جۆرەش لە سۆشیال میدیا ڕێگە بە بەشداربووەکانی دەدات دەنگ بدەن یان کۆمێنت بنوسن لەسەر ئەو بابەت و هەواڵانەی ئەو ماڵپەرانە بڵاویدەکەنەوە، کە بە ماڵپەری سۆشیال نیوز ناودەبرێن.

**سۆشیال فۆتۆ و ڤیدیۆ:-** ئەم جۆرەش لە سۆشیال میدیا رێگە بە بەشداربووەکانی دەدات بتوانن فۆتۆ و ڤیدیۆ ئەپلۆد بکەنە سەر ماڵپەرەکەیان.

سۆشیال میدیا دنیایەکی فراوانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییە، لە ئاکامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای ئینتەرنێت و چەقبەستوویی میدیای کلاسيك هاتە ئاراوە. دوای ئەوەی میدیای باو تاکەکانی بەرەو بێزاربوون و خۆونکردن و کەسایەتی و بەلارێدابردنی لە کایە مەعریفییەکانەوە بۆ ونبوونی شوناسی راستەقینەی میدیا برد، تا لە دنیایەکی فراوانتر تاکەکان بڕواننە شتەکان و راستەوخۆ لەگەڵیدا ئاوێزان بن و ببنە بەشێك یان راستەوخۆ کاردانەوە دروست دەکات.

جیهانێکی فراوانی هەیە کە پێکهاتووە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژیان لە رووی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێتەوە هاتە بەرهەم . دەتوانین بڵێین سۆشیال میدیا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەژیانی ڕۆژانەماندا وە کاریگەرییەکی فراوانی هەیە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە. بۆ هەموو کەسێک دەرگایەکی

کراوەیە چونکە هەر کەسێک ئارەزوومەند بێت و پێویستی بێت دەتوانێت زۆر بە ئاسانی لە رێگەی ئەکاونتی خۆیەوە یاخود لاپەرە ئەلیکترۆنییەکان و سایتە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا بە گشتی سوودمەند بێت ،هەموو ئەوزانیاریانەی کە دەیەوێت دەتوانێت بەدەستی بهێنێت یاخود زانیاری ببەخشێت. هەروەها یارمەتیمان دەدات بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان تاکەکان لە چوارچێوەی وولاتێک یاخود لەجیهاندا. جگە لەوە ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت لە ژیانی ڕۆژانەی هاولاتیاندا چ لەڕووی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری یان فێربوون و بەستنی کۆنفرانس و سیمینارو وۆرک شۆپ و لەڕێگەی لاپەڕە ئەلیکترۆنییەکان یان بۆ کات بەسەربردن لەسەیرکردنی وێنەو ڤیدیۆ و هۆکارەکانی تر.

بێگومان بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر تاك و خێزانەکانی ناو کۆمەڵگە وهەموولایەنەکان جا لایەنی (ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و و تەندروستی پەروەردە و هتد...). (کاوانی, 2022) (محمود, 2020) (حسین, 2020)

## تەوەرەی دووەم : لایەنی پێوری ئاماری توێژینەوەکە

ئامار یاخود ئامارزانی (زانستی ئامار) ئەم زانستە بە زانستی پلاندارشتنی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکان هەژمار دەکرێت، کە لە ڕێگای کۆکردنەوەی پێدراوەکان (داتا)، دواتر ڕێکخستن، کورتکردن، پێشاندان، شیکردنەوە، لێکدانەوە، بەدیهێنانی ئەنجامەکان بە پشتبەستن بە دراوە کۆکراوەکان، بۆ ئەوەی باشترین بڕیار بدرێت لەسەر ئەو لێکۆلینەوە یان تاقیکردنەوەدا. (Wikipedia, 2023-4-3)

لە زانستی ئاماردا چەندین جۆر تاقیکردنەوە هەیە کە بۆ داتاکان ئەنجام ئەدرێت، لێرەدا بە کورتی باسی گرنگترین تاقیکردنەوەکان دەکەین. (الشواني, 2012)




وێنەی (1) فلۆچارتی شیکردنەوەی ئاماری بە پێ ی جۆری گۆڕاوەکەو نۆرماڵتی داتاکە

– تاقیکردنەوەی t (t-test) : بەکاردێت بۆ بەراورد کردنی ناوەندی داتا، ئەویش چەند جۆرێکی هەیە

• تاقیکردنەوەی یەک بژاردەیی t (one sample t-test) : بەکاردێت کاتێک تاقیکردنەوە بۆ یەک گۆڕاو ئەنجام دەدرێت، لەم ڕێگایەدا ناوەندی داتاکە تاقیدەکرێتەوە لەگەڵ ژمارەیەکی نەگۆڕ.بۆ نمونە C (Lehmann et al., 2005).

$H_0$: $\mu=C$

If P-Value ≤ alpha (reject $H0$)

$H_1$: $\mu\neq C$

• تاقیکردنەوەی دوو بژاردەیی (two sample t-test ): بەکاردێت کاتێک تاقیکردنەوە بۆ دوو گۆڕاو ئەنجام دەدرێ ت، ئەمەش دەبێتە دوو بە ش :

1 - تاقیکردنەوەی دوو بژاردەیی سەربەخۆی (independent sample t-test) : لەم ڕێگایەدا ناوەندی دوو داتاکە بەراورد دەکەم بە یەکتر چەنکە سەربەخۆن .

$H_0$: $\mu_1$=$\mu_2$

If P-Value ≤ alpha reject $H0$

$H_1$: $\mu_1$≠$\mu_2$

2 - تاقیکردنەوەی دوو بژاردەیی نا سەربەخۆی (paired sample t-test ): لەم ڕێگایەدا جیاوازی نێوانی دوو داتاکە بەراورد دەکەم بە یەکتر چەنکە ناسەربەخۆن .

$H_0$: $\mu_D$=0

If P-Value ≤ alpha reject $H_0$

$H_1$: $\mu_D$≠0

3 – تاقیکردنەوەی F (F-Test ): بەکاردێت بۆ بەراورد کردنی ناوەندی داتا ئەگەرهاتوو داتاکەی کە تاقیکردنەوەی بۆ ئەنجام دەدەم لە دوو گۆڕاو زیاتر بوو.

4 - تاقیکردنەوەی کای-دووجا (Chi-square test) : بەکاردێت بۆ زانینی پەبوەندی نێوانگۆڕاوەکان. (Bluman, 2014)

# بەشی دووەم

**لایەنی پراکتیکی**

## بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی

### تەوەرەی یەکەم: پێناسەی گشتی داتای کۆکراوە لە فۆڕمی ڕاپرسی

بە دوو شێواز داتامان کۆکردۆتەوە لەم توێژینەوەیەدا یەکیان بە ڕێگای فۆرمی ڕاپرسی کە ژمارەکەی 165 بەشدار بوو بوو ئەوەی تریان بە ڕێگای گوگڵ فۆرمەوە، هەروەک لە خشتەی خوارەوە ئاماژەمان پێداوە:

خشتەی ژمارە (1) پێناسەی گشتی داتای کۆکراوە لە فۆڕمی ڕاپرسی

| | | ژمارە | % | SD ±Mean |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی سامپڵ | | 265 | 100 | |
| جۆری کۆکردنەوەی داتا | بە فۆرم کۆکراوەتەوە | 165 | 62.3 | |
| | بە گوگڵ فۆرم | 100 | 37.7 | |
| ڕەگەز | نێر | 111 | 41.9 | |
| | مێ | 154 | 58.1 | |
| تەمەن | | | | 7.54±24.14 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | گوند | 15 | 5.7 | |
| | ناحیە | 41 | 15.5 | |
| | قەزا | 20 | 7.5 | |
| | شار | 189 | 71.3 | |
| باری خێزانداری | سەڵت ( سینگڵ ) | 207 | 78.1 | |
| | خێزاندار | 58 | 21.9 | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | 6 | 2.3 | |
| | سەرەتای | 5 | 1.9 | |
| | ئامادەی | 38 | 14.3 | |
| | دبلۆم | 21 | 7.9 | |
| | بەکالۆریۆس | 182 | 68.7 | |
| | ماستەر | 8 | 3.0 | |
| | دکتۆرا | 5 | 1.9 | |
| ڕۆژانە چەند کاتژمێر سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنیت | | | | 3.59±5.25 |
| بڕی تێچوی پارەی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاکان بۆمانگێک لای تۆ چەندە | | | | 22.99±12.09 |
| ماوەی چەندە سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنی | | | | 6.60±3.22 |




وێنەی (2) پای چارت بۆ ڕەگەز بە پێ ی شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاستی خوێندەواری




وێنەی (3) پای چارت بۆ ڕەگەز بە پێ ی شێوە کۆکردنەوەی داتاکان و ئاستی خوێندەواری




وێنەی (4) هیستۆگرام بۆ تەمەن به پێ ی ڕەگەز و شێوه کۆکردنەوەی داتاکان

خشتەی ژمارە (2) کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر بەکاردەهێنیت

| | | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر بەکاردەهێنیت | فەیسبوک | 72 | 24 | 96 |
| | ئینستا گرام | 35 | 67 | 102 |
| | تیك تۆك | 37 | 20 | 57 |
| | سناپ چات | 31 | 76 | 107 |
| | ڤایبەر | 4 | 1 | 5 |
| | هیتر | 15 | 14 | 29 |

ئەوانەی سناپ چاد بەکاردێنن لە هەمووان زیاترە وە بە تایبەت لە نێوان کچاندا.

خشتەی ژمارە (3) دابەشبوونی تاکەکانی نمونەی لێکۆڵینەوە بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەگەز

| شوێنی نیشتەجێبوون | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| گوند | 4 | 11 | 15 |
| ناحیە | 26 | 15 | 41 |
| قەزا | 11 | 9 | 20 |
| شار | 70 | 119 | 189 |
| کۆی گشتی | 154 | 111 | 264 |

زۆربەی داتاکانمان لە ناو شاردا کۆکراوەتەوە دواتر ناحیەکان.

خشتەی ژمارە (4) ئاستی خوێندنی بەکارهێنەران

| ئاستی خوێندەواری | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| نەخوێندەوار | 3 | 3 | 6 |
| سەرەتای | 4 | 1 | 5 |
| ئامادەی | 25 | 13 | 38 |
| دبلۆم | 11 | 10 | 21 |
| بەکالۆریۆس | 58 | 124 | 182 |
| ماستەر | 6 | 2 | 8 |
| دکتۆرا | 4 | 1 | 5 |
| کۆی گشتی | 111 | 154 | 265 |

ئەوانەی هەڵگری بەکالۆریوس ن زۆرینەی سامپڵەکەمان پێک دێنن دواتر ئامادەی ...هتد.

## تەوەرەی دووەم: شیکردنەوەی داتا

خشتەی ژمارە (5) پۆلێن کردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بەپێ ی ناوەندی هەڵسەنگکراو

| ژ | بڕگەکان | ناوەندی سەنگکراو | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕیگا خۆشکەرە بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکان | 1.5 | 25 | 20 |
| 2 | کێشە و ڕووداوەکانی نێو سۆشیال میدیا زانیاری نوێت پێ دەبەخشێت | 1.45 | 22.5 | 22 |
| 3 | کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنولۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر) | 1.65 | 32.5 | 17 |
| 4 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دەربڕینی بۆ چوونەکانت لەسەر پرس و ڕووداوەکان | 1.83 | 41.5 | 14 |
| 5 | لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر | 1.51 | 25.5 | 19 |
| 6 | بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە | 1.92 | 46 | 11 |
| 7 | لە ڕیگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت | 1.87 | 43.5 | 13 |
| 8 | لە نیو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لە پیشە جۆراو جۆرەکان | 1.46 | 23 | 21 |
| 9 | لە نێو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لەسەر وەرزش و جۆرەکانی | 1.66 | 33 | 16 |
| 10 | هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە | 1.58 | 29 | 18 |
| 11 | هیچ شتێک هەبووە کە زانیاریت لەسەر نەبووبێت لە ڕیگای سۆشیال میدیاوە فێربوویت لە هەر بوارێک بێت | 1.28 | 14 | 24 |
| 12 | وا هەست دەکەیت کە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەسەر بردنی کاتە | 1.88 | 44 | 12 |
| 13 | بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا خۆشگوزەرانیت پێ دەبەخشێت | 1.96 | 48 | 10 |
| 14 | لەبەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا سوودت لە خوێندنەوەی بواری ئایینی وەرگرتووە | 1.32 | 16 | 23 |
| 15 | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە نوستنی شەوانە | 1.67 | 33.5 | 15 |
| 16 | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن | 2.35 | 67.5 | 2 |
| 17 | لە بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی کزبوونی چاوەکانت | 2.2 | 60 | 6 |
| 18 | پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا | 2.5 | 75 | 1 |
| 19 | بینی بابەتێکی زۆر لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خوێندنت | 2.18 | 59 | 7 |
| 20 | هەست بە بێزاری و نائاسودەیی دەکەیت ئەگەر ڕۆژێک سۆشیال میدیا بەکارنەهێنیت | 2.03 | 51.5 | 9 |
| 21 | سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی دروستبونی گرفت بۆت | 2.31 | 65.5 | 3 |
| 22 | دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | 2.17 | 58.5 | 8 |
| 23 | بە سەربردنی کات لەسەر سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی تەمبەڵی لاوازیت | 2.26 | 63 | 5 |
| 24 | سۆشیاڵ میدیا هۆکاربوە بۆ دۆزینەوەی کار | 2.27 | 63.5 | 4 |

لەم خشتەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆ لایەنە نەریەکان ئەم بڕگانە بە پلەکانی یەکەم تا دەیەم دێن:

خشتەی ژمارە (6) ڕیزبەندی لایەنە نەرێنیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ڕیزبەندی لایەنە سلبیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە |
|---|---|
| 1 | پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا |
| 2 | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن |
| 3 | سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی دروستبونی گرفت بۆت |
| 4 | بە سەربردنی کات لەسەر سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی تەمبەڵی لاوازیت |
| 5 | لە بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی کزبوونی چاوەکانت |
| 6 | بینی بابەتێکی زۆر لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خوێندنت |
| 7 | دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا |
| 8 | هەست بە بێزاری و نائاسودەیی دەکەیت ئەگەر ڕۆژێک سۆشیال میدیا بەکارنەهێنیت |
| 9 | وا هەست دەکەیت کە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەسەر بردنی کاتە |
| 10 | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە نوستنی شەوانە |

بەهەمان شێوە ڕێزبەندی لایەنە پۆزەتیڤەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دێت:

خشتەی ژمارە (7) ڕیزبەندی لایەنە ئەرێنیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ڕیزبەندی لایەنە ئەرێنیەکان بە بۆچوونی سامپڵی توێژینەوەکە |
|---|---|
| 1 | سۆشیاڵ میدیا هۆکاربوە بۆ دۆزینەوەی کار |
| 2 | بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا خۆشگوزەرانیت پێ دەبەخشێت |
| 3 | بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە |
| 4 | لە ڕێگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت |
| 5 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دەربڕینی بۆ چوونەکانت لەسەر پرس و ڕووداوەکان |
| 6 | لە نێو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لەسەر وەرزش و جۆرەکانی |
| 7 | کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر) |
| 8 | هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە |
| 9 | لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر |
| 10 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕیگا خۆشکەرە بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکان |

وە بۆ زانینی ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان وڵامەکان بە ڕەگەزەوە ئەوا بە تاقیکردنەوەی دووجای کای گەیشتینە ئەو مەبەستە:

| بڕگەکان | وڵامەکان | نێر | مێ | تێست | نرخی تێست | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Y1 بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکان | بەڵێ | 68 | 84 | $\chi^2$ | 3.184 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 33 | 61 | df | 2 | |
| | نەخێر | 10 | 9 | P-Value | 0.204 | |
| Y2 کێشە و ڕووداوەکانی نێو سۆشیال میدیا زانیاری نوێت پێ دەبەخشێت | بەڵێ | 63 | 97 | $\chi^2$ | 2.408 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 44 | 48 | df | 2 | |
| | نەخێر | 4 | 9 | P-Value | 0.300 | |
| Y3 کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر) | بەڵێ | 61 | 82 | $\chi^2$ | 7.924 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 22 | 50 | df | 2 | |
| | نەخێر | 28 | 22 | P-Value | 0.019 | |
| Y4 بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دەربرینی بۆ چوونەکانت لەسەر پرس و ڕووداوەکان | بەڵێ | 41 | 57 | $\chi^2$ | 0.557 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 46 | 69 | df | 2 | |
| | نەخێر | 24 | 28 | P-Value | 0.757 | |
| Y5 لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر | بەڵێ | 60 | 102 | $\chi^2$ | 10.080 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 30 | 42 | df | 2 | |
| | نەخێر | 21 | 10 | P-Value | 0.006 | |
| Y6 بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە | بەڵێ | 45 | 55 | $\chi^2$ | 7.679 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 26 | 60 | df | 2 | |
| | نەخێر | 40 | 39 | P-Value | 0.022 | |
| Y7 لە ڕێگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت | بەڵێ | 45 | 74 | $\chi^2$ | 9.978 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 19 | 42 | df | 2 | |
| | نەخێر | 47 | 38 | P-Value | 0.007 | |
| Y8 لە نیو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لە پیشە جۆراو جۆرەکان | بەڵێ | 63 | 105 | $\chi^2$ | 3.716 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 35 | 37 | df | 2 | |
| | نەخێر | 13 | 12 | P-Value | 0.156 | |
| Y9 لە نێو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لەسەر وەرزش و جۆرەکانی | بەڵێ | 61 | 81 | $\chi^2$ | 0.154 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 29 | 43 | df | 2 | |
| | نەخێر | 21 | 30 | P-Value | 0.926 | |
| Y10 هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە | بەڵێ | 48 | 96 | $\chi^2$ | 10.838 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 43 | 45 | df | 2 | |
| | نەخێر | 20 | 13 | P-Value | 0.004 | |
| Y11 هیچ شتێک هەبووە کە زانیاریت لەسەر نەبووبێت لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە فێربووبیت لە هەر بوارێک بێت | بەڵێ | 74 | 125 | $\chi^2$ | 11.867 | وڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 29 | 28 | df | 2 | |
| | نەخێر | 8 | 1 | P-Value | 0.003 | |
| Y12 وا هەست دەکەیت کە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەسەر بردنی کاتە | بەڵێ | 32 | 41 | $\chi^2$ | 1.889 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 58 | 92 | df | 2 | |
| | نەخێر | 21 | 21 | P-Value | 0.389 | |
| Y13 بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا خۆشگوزەرانیت پێ دەبەخشێت | بەڵێ | 25 | 35 | $\chi^2$ | 3.945 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 59 | 96 | df | 2 | |
| | نەخێر | 27 | 23 | P-Value | 0.139 | |
| Y14 لەبەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا سوودت لە خوێندنەوەی بواری ئایینی وەرگرتووە | بەڵێ | 77 | 116 | $\chi^2$ | 1.202 | وڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە |
| | هەندێ جار | 28 | 32 | df | 2 | |
| | نەخێر | 6 | 6 | P-Value | 0.548 | |

| بڕیار | نرخی تێست | تێست | مێ | نێر | وەڵامەکان | بڕگەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 5.012 | $\chi^2$ | 64 | 61 | بەڵێ | Y15 بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە نوستنی شەوانە |
| | 2 | df | 64 | 38 | هەندێ جار | |
| | 0.082 | P-Value | 26 | 12 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی هەیە بە ڕەگەزەوە | 12.329 | $\chi^2$ | 18 | 30 | بەڵێ | Y16 بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن |
| | 2 | df | 42 | 33 | هەندێ جار | |
| | 0.002 | P-Value | 94 | 48 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 3.172 | $\chi^2$ | 49 | 32 | بەڵێ | Y17 لە بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی کزبوونی چاوەکانت |
| | 2 | df | 33 | 16 | هەندێ جار | |
| | 0.205 | P-Value | 72 | 63 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 2.081 | $\chi^2$ | 17 | 18 | بەڵێ | Y18 پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا |
| | 2 | df | 35 | 28 | هەندێ جار | |
| | 0.353 | P-Value | 102 | 65 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 0.096 | $\chi^2$ | 31 | 24 | بەڵێ | Y19 بینی بابەتێکی زۆر لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خوێندنت |
| | 2 | df | 63 | 44 | هەندێ جار | |
| | 0.953 | P-Value | 60 | 43 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 5.033 | $\chi^2$ | 62 | 30 | بەڵێ | Y20 هەست بە بێزاری و نائاسودەیی دەکەیت ئەگەر ڕۆژێک سۆشیال میدیا بەکارنەهێنیت |
| | 2 | df | 39 | 33 | هەندێ جار | |
| | 0.081 | P-Value | 53 | 48 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 3.042 | $\chi^2$ | 28 | 21 | بەڵێ | Y21 سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی دروستبونی گرفت بۆت |
| | 2 | df | 44 | 42 | هەندێ جار | |
| | 0.219 | P-Value | 82 | 48 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 0.973 | $\chi^2$ | 30 | 24 | بەڵێ | Y22 دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا |
| | 2 | df | 69 | 43 | هەندێ جار | |
| | 0.615 | P-Value | 55 | 44 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 2.265 | $\chi^2$ | 32 | 30 | بەڵێ | Y23 بە سەربردنی کات لەسەر سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی تەمبەڵی لاوازیت |
| | 2 | df | 47 | 26 | هەندێ جار | |
| | 0.322 | P-Value | 75 | 55 | نەخێر | |
| وەڵامەکان پەیوەندی نیە بە ڕەگەزەوە | 0.569 | $\chi^2$ | 35 | 21 | بەڵێ | Y24 سۆشیاڵ میدیا هۆکاربوە بۆ دۆزینەوەی کار |
| | 2 | df | 47 | 35 | هەندێ جار | |
| | 0.752 | P-Value | 72 | 55 | نەخێر | |

بۆمان دەردەکەوێت تەنها لەم پرسیارانە جیاوازی هەیە لە بیرو بۆچوون لە نێوان کوڕو کچەکان چونکە نرخی P-Value لە 5% کەمترە:

Y3 کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر)
Y5 لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر
Y6 بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە
Y7 لە ریگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت
Y10 هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە
Y11 هیچ شتێک هەبووە کە زانیاریت لەسەر نەبووبێت لە ریگای سۆشیال میدیاوە فێربووبیت لە هەر بوارێک بێت
Y16 بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن

# بەشی سێ یەم

**دەرئەنجام وپێشنیارەکان**

## بەشی سێ یەم: دەرئەنجام وپێشنیارەکان

## تەوەرەی یەکەم: دەرئەنجامەکان

**لە کۆتای باسە کە مان دا گە یشتینەئەم دە رئەنجامەی کە هاتنی سۆشیال مید یا وەك پێشکە وتنی زانستی تەکنەلۆژی چەند ین دەرهاویشتە و لێکەوتەی بە دوای خۆیەوە هێنا،ئەم کاریگەرییەی سوشیال میدیا بەهەردوو روی ئەرێنی و نەرێنی بۆتە زەروریەتێکی حەتمی بەهۆی بەرفراوان بونییەوە وز لەئیستادا جلەوکردنی زەحمەتە،ئەمەش دەگەریتەوە سەرچۆنیەتی بەکاربەر بەکام چەشن بەکاریدێنێت.**

**لە کوردستان و رۆژهەلاتی ناوە راست زۆرتر لایەنە نەرێنیەکەی بالّی بەسەر کۆمەلگەکان دا کێشاوە چەندین گرفت و ئالینگاری لێکەوتوتەوە و زۆربەی جاریش تاك وخێزان باجی هەلەکانی سۆشیال میدیای داوە و هەندیك جاریش دەبێتە مایەی خرۆشانی جەماوەری وبێ ریزی کردن بە بەهاکان و ئاین و باوەر و پیرۆزییەکان، قوربانی بە کومەلی لێکەوتەوە،کەواتە سۆشیال میدیا چەکێکە هەموو تاکێك دەتوانیت چۆنی بوێت ئاوا بەکاریبێنێت.**

1- گرنگترین دە برگە نەرێنیەکان ئەمانەن بە پێ ی ڕیزبەندی:
   a) پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا
   b) بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن
   c) سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی دروستبونی گرفت بۆت
   d) بە سەربردنی کات لەسەر سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی تەمبەڵی لاوازیت
   e) لە بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی کزبوونی چاوەکانت
   f) بینی بابەتێکی زۆر لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خوێندنت
   g) دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا
   h) هەست بە بێزاری و نائاسودەیی دەکەیت ئەگەر ڕۆژێک سۆشیال میدیا بەکارنەهێنیت
   i) وا هەست دەکەیت کە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەسەر بردنی کاتە
   j) بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە نوستنی شەوانە

2- گرنگترین دە برگە ئەرێنیەکان ئەمانەن بە پێ ی ڕیزبەندی:
   a. سۆشیاڵ میدیا هۆکاربوە بۆ دۆزینەوەی کار
   b. بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا خۆشگوزەرانیت پێ دەبەخشێت
   c. بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە
   d. لە ڕیگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت
   e. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دەربڕینی بۆ چوونەکانت لەسەر پرس و ڕووداوەکان
   f. لە نێو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لەسەر وەرزش و جۆرەکانی
   g. کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر)
   h. هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە

i. لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر
j. بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕیگا خۆشکەرە بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکان.

3- بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی لە بیرو ڕا هەبوو لەم بڕگانە:
a. کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر)
b. لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر
c. بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە
d. لە ڕیگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت
e. هیچ زانیارییەکت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە
f. هیچ شتێک هەبووە کە زانیاریت لەسەر نەبووبێت لە ڕیگای سۆشیال میدیاوە فێربووبیت لە هەر بوارێک بێت
g. بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن

4- دیارە هەرکاتێک پێشهات و گریمانییەیک ڕووە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، سەرەتا لە حاڵەتەوە دواتر بۆ دیاردە سەرهەڵدەدات و بۆیەشە زانست هەمان پێوەرە بە هۆی بەرفراوان بوونی بەکارهێنەران و زۆری خواستی بەکار بەر کۆنترۆڵکردن و کێومالکردن و دەستبەسەراگرتنی بەکاربەران چۆنییەتی بەکارهێنان و مامەڵەی تەندرووست لەڕووی لێپرسینەوە و بەیاسایکردنی ئاسان نییە، وەلێ وەک چارەسەر ئەم چەند خاڵە دەخەمەڕوو.

**a.** دەرکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە سۆشیال میدیا.

**b.** کردنەوەی خول و سیمینار و ۆرکشۆپ بۆ وشیاری مامەڵکردن لەگەڵ سۆشیال میدا.

**c.** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری یاسایی لەسەر یاسای بەکارهێنان و مافی بەکاربەر.

**d.** جێکردنەوەی لە وانەیەکە تایبەت یان بوونی بەشێک لەوانەی پەروەردە و فێکردن لە سییتەمی خوێندنی قوتابخانەکان.

**e.** درووستکردنی بۆردیکی هاوبەش لە وەزارەتی ناو خۆ و ڕۆشنبیری و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ چاودێری و پێداچوونەوە و چارەسەر بۆ دەرەهاویشتە و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە.

## تەوەرەی دووەم: پێشنیارەکان

1. توێژینەوەی زیاتر بکرێت دەربارەی گرینگترین هۆکارەکانی لایەنی باشی وخراپی سۆشیال میدیا ڕوونبکاتەوە بە پێ ی کات.
2. بەرەوپێشردنی توێژینەوە و ڕەوتی زانستیی میدیا لەکوردستانداو گەیشتن بە ڕاسپاردەودەرەنجامی نوێ لە بواری میدیادا.
3. بەرەوپێشبردنی زمان و کلتوری میدیا وخزمەتکردن بە کۆمەڵگا.
4. پتەوکردنی رایەڵی ئەکادیمی وزانستیی لەنێو زانکۆ و ناوەندئ ئەکادیمییەکاندا.
5. سوود وەرگرتن لە ئەزموونی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە کلتورە جیاوازەکاندا.
6. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری میدیایی و کەمکردنەوەی دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، ئامانجمان ئەوەیە تاکەکانی کۆمەڵگا هۆشیاربکەینەوە لە دروست بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا . پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی زۆر خێرایە، بۆیە پێویستە ئێمەیش خێرا پێش بکەوین بۆ ئەوەی کوردستان هەمیشە لە پێشەنگدا بێت و سۆشیال میدیا بۆ پێوەندی و کاری بەسوود و زانست و پێشکەوتن و بازرگانی و رێکلامکردن بەکار بهێنین.

# سەرچاوەکان


القرأن الكريم

BLUMAN, A. 2014. *Elementary Statistics: A step by step approach 9e*, McGraw .Hill

LEHMANN, E. L., ROMANO, J. P. & CASELLA, G. 2005. *Testing statistical .hypotheses*, Springer

.WIKIPEDIA 2023-4-3. *Wikipedia*, PediaPress

الشواني, أ. ص. ع. 2012. تحليل التباين لتصاميم القياسات المتكررة باستخدام الرتب في قياس التغير بنسب الهيموغلوبين (Hb) لمرض سرطان الثدي في مدينة أربيل 117.

حسين, ت. 2020. سۆشیاڵ میدیا و کۆمەڵگە.

دەنگەکان 2023. سۆشیال میدیا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی، لەسەر ڕەوتی ژیانکرن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا.

کاوانی, د. 2022. سۆشیال میدیا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەرییەکانی، لەسەر ڕەوتی ژیانکرن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دا.

محمود, ڕ. ق. 2020. سۆشیال میدیا.

**پاشکۆ**

## پاشکۆی ژمارە (1) پرسیارنامەی توێژینەوەکە

**هەرێمی کوردستانی-عێراق**

**وزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر**

**کۆلێژی کارگێری و ئابووری**

**بەشی ئامار**

**ژمارەی فۆرم (          )**

## فۆرمی ڕاپرسی

سلاو بە ریزم ...

ئەم فۆرمەی لە بەردەستی بەرێزتاندایە، توێژینەوەیەکی زانستیە سەبارەت بە **(کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی سۆشیال میدیا لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان)**، جا ئەو برگەو پرسیارانەی ئاڕاستەی تۆی ئازیز کراوە وەک یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکرێ بە سەربەخۆیی و ڕاستگۆیانە وەڵامی سەرجەم بڕگەو پرسیارەکان بدەیتەوە، دڵنیابە لە پاراستنی وەڵام و زانیارییەکانتان تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستییە. بە هاوکاریتان خۆشحاڵ دەبین و خزمەتکردنە بە ڕەوتی زانست.

**تێبینی :**

**1- پێویست بە ناو نوسین ناکات.**

**2- لە ناو ئەو شوێنە دابنی کە بە گونجاوی دەزانی (✔)هێمای.**

**زانیاری کەسی:**

**1- رەگەز :** نێر ☐ مێ ☐

**2- تەمەن : (          ) سال**

**3- شوێنی نیشتەجێبوون:** ☐ گوند ☐ ناحیە ☐ قەزا ☐ شار

**4- باری خێزانداری :** ☐ سەڵت ( سینگڵ ) ☐ خێزاندار ☐ هیتر بینووسە (          )

**5- - ئاستی خوێندەواری :** نەخوێندەوار ☐ سەرەتای ☐ ئامادەی ☐

**دبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐ ماستەر ☐ دکتۆرا ☐**

**6- کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆر بەکاردەهێنیت ؟**

**فەیسبوک ☐ ئینستا گرام ☐ تیک تۆک ☐ سناپ چات ☐ هیتر بینووسە (          )**

**7- ڕۆژانە چەند کاتژمێر سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنیت :(     ) کاتژمێر**

**8- بۆ چ مەبەستێک سۆشیال میدیا بە کاردێنی؟**

**کات بەسەربردن ☐ بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری ☐ بۆ بازارسازی ☐**

**بۆ پەروەردە و فێرکردن ☐ بۆ دروستکردنی پەیوەندی نوێ ☐**

**بۆ بواری دیکە بینوسە (                    )**

**9- بڕی تێچوی پارەی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاکان بۆمانگێک لای تۆ چەندە؟ (          ) هەزار دینار**

**10- ماوەی چەندە سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنی ؟ (     ) ساڵ**

**پرسیارە بابەتیەکان:**

| ژ | پرسیار | بەڵێ | هەندێ جار | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکان | | | |
| 2 | کێشە و ڕووداوەکانی نێو سۆشیال میدیا زانیاری نوێت پێ دەبەخشێت | | | |
| 3 | کات بەسەر دەبەیت بۆ بینینی بواری فێرکاری تەکنۆلۆجی وەکو (مۆبایل و بەرنامەی کۆمپیوتەر) | | | |
| 4 | بەکارهێنانی سۆشیال میدیا ڕێگا خۆشکەرە بۆ دەربڕینی بۆ چوونەکانت لەسەر پرس و ڕووداوەکان | | | |
| 5 | لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئاشنا بوویت بە کەلتوورە جیاوازەکانی تر | | | |
| 6 | بڵاوکراوەکانی نێو سۆشیال میدیا بۆتە هۆی گۆران لە شێواز و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەسەردەمیانە | | | |
| 7 | لە ڕیگای سۆشیال میدیا زمانی تر فێربوویت | | | |
| 8 | لە نیو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لە پیشە جۆراو جۆرەکان | | | |
| 9 | لە نێو سۆشیال میدیا زانیاریت وەرگرتووە لەسەر وەرزش و جۆرەکانی | | | |

| نەخێر | هەندێ جار | بەڵێ | پرسیار | ژ |
|---|---|---|---|---|
| | | | هیچ زانیارییەکەت لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە سۆشیال میدیا وەرگرتووە | 10 |
| | | | هیچ شتێک هەبووە کە زانیاریت لەسەر نەبووبێت لە ڕیگای سۆشیال میدیاوە فێربوو‌بیت لە هەر بوارێک بێت | 11 |
| | | | وا هەست دەکەیت کە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەسەر بردنی کاتە | 12 |
| | | | بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا خۆشگوزەرانیت پێ دەبەخشێت | 13 |
| | | | لەبەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا سوودت لە خوێندنەوەی بواری ئایینی وەرگرتووە | 14 |
| | | | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە نوستنی شەوانە | 15 |
| | | | بەسەربردنی کات لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی دواکەوتنت لە ژەمەکانی خواردن | 16 |
| | | | لە بەسەربردنی کاتەکانت لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی کزبوونی چاوەکانت | 17 |
| | | | پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئەندامانی خێزان لاواز بووە بەهۆی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا | 18 |
| | | | بینی بابەتێکی زۆر لەسەر سۆشیال میدیا بۆتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی خوێندنت | 19 |
| | | | هەست بە بێزاری و نائاسودەیی دەکەیت ئەگەر ڕۆژێک سۆشیال میدیا بەکارنەهێنیت | 20 |
| | | | سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی دروستبونی گرفت بۆت | 21 |
| | | | دەوروبەرت گلەیت لێدەکەن لە کاتی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | 22 |
| | | | بە سەربردنی کات لەسەر سۆشیاڵ میدیا بۆتە هۆی تەمبەڵی لاوازیت | 23 |
| | | | سۆشیاڵ میدیا هۆکاربوە بۆ دۆزینەوەی کار | 24 |

لە گەڵ ڕێزماندا

**قوتابیانی توێژینەوەکە:**

**سارا ستار عثمان**
**نسار فاظل محمد**
**سروشت بكر محمد**

**بە سەرپەرشتی:**

**پ. ی. د. أميد صابر عبدالله شوانی**